گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دابەشبوونی شوێنی وگۆڕانی ڕووبەری چێنراوی بەروبوومی هاوینە لە ناحیەی قوشتەپە (٢٠١٣-٢٠١٩)

**پ.ی .د. هاشم یاسین حمدامین**

بەشی جوگرافیا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

hashim.hamadamin@su.edu.krd

**جیمەن عمر عبدالرحمان**

بەشی جوگرافیا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

jaymin.omar.abdulrahman@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢١/٧/١

پەسەندکردن:٢٠٢١/٨/٩

بڵاو کردنەوە: پاییزی ٢٠٢١

**ووشە سەرەکییەکان**

Agricuture, Comparision, Positive, Nagative, Change, Prorortion, Area, Spatial Variation, Land Use, Climate, summery, ratio

Doi: 10.25212/lfu.qzj.6.4.10

## پوختە

ناوچەی توێژینەوە کە کەرتەکانی ناحیەی قوشتەپەیە وەک هەر ناوچەیەکی تر ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە دابین کردنی خۆراکی بەشێک لە دانیشتوانی ناوچەکەو زامنکردنی ئاسایشی خۆراکی. ئامانجی سەرەکی توێژینەوە خستنەو ڕووی دابەشبوون و گۆڕانی ڕووبەری چێنراوی بەروبوومی هاوینە لە سەر ئاستی کەرتەکانی ناحیەکە لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٣-٢٠١٩). ناوچەی توێژینەوە چەندین تایبەتمەندی سروشتی و مرۆیی لە خۆ دەگرێت کە ڕاستەوخۆ کاریگەریان هەیە لە سەر دابەشبوون و گۆڕانی ڕووبەری چێنراوی هاوینە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەمان پشتمان بەستووە بە داتاو ئامارەکانی بنکەی کشتوکاڵی قوشتەپە بۆ ساڵی (٢٠١٣) وەک ساڵی بنەڕەت، داتاکانی ساڵی(٢٠١٩) وەک ساڵی بەراوردکار و دەرەنجامی گۆڕانکاریەکەی خراوەتە ڕووبە ڕیگەی چەند نەخشەو خشتەیەک سوودمان لە سیستەمی زانیاری یە جوگرافیەکان (Gis)وەرگرتووە بۆ ئامادە کردنی نەخشەکان. لە ئەنجامدا دەرکەوتووە کە ڕووبەری چێنراوی هاوینە بە گشتی لە ناحیەکە کەمی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کردووەبە ڕێژەی(-٢٩%)ولە سـەر ئاسـتی کەرتەکانی (٤٤)کەرت گۆڕانکاریەکەی نێگەتیڤەو (١١) کەرت گۆڕانکاریەکەی پۆزەتیڤة.

## ١.پێشەکی:

بەکارهاتنی زەوی بەمەبەسـتی کشـتوکاڵی بە گشـتی و لایەنی ڕووەکی بە تایبەتی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گرنگی زیاتری پێدەدرێت لە لایەن جوگرافیناسـان و ئابووری ناسـانەوە، ئەمەش بەندە بە زیاد بوونی بەرچاوی دانیشتوان و پێداویستیەکانیانی لەلایەک کەم بوونەوی زەوی شیاوی کشتوکاڵی لەلایەکی تر. بەکارهێنانی زەوی بە مەبەستی کشتوکاڵی بەگشتی و بەروبوومی هاوینە بە تایبەتی لەناوچەی توێژینەوە گرنگی زۆری هەیە چونکە سـەرچاوەی دابین کردنی پێداویسـتیەکانی دانیشـتوانی ناوچە ناوچەکە دەوروبەریەتی، جێگای ئاماژەیە چەندین جۆری بەروبوومی هاوینە بە ڕووبەری جیاواز دەچێنرێت لە ناوچەی توێژینەوە،ئەمەش بۆتە هۆی جیاوازی و گۆڕان لە ڕووبەری چێنراوی هاوینە بە ڕێژەی جیاواز. لەم ڕوانگەیەوە گرنگی توێژینەوە خۆی لە دیاری کردنی گۆڕانی ڕووبەری زەوی چێنراوی بەروبوومی هاوینە دەبینێتەوە، ئایا گۆڕانکاریەکە ئەرێنی یە یاخود نەرێنی لە سـایەی هۆکارە سروشتی و مرۆییە کاریگەرەکان توێژینەوە هەوڵ دەدات ئەم ئامانجانەی بەدی بێنێت:-

١- خسـتنەو ڕووی کایگەری هۆکارە سـروشـتی و مرۆییەکان لە سـەر جیاوازی شـوێنی بەکارهێنان و گۆڕانی ڕووبەری چێنراوی بەروبوومی هاوینە لە ناوچەی توێژینەوە.

٢-دیاری کردنی شێوازی دابە شبوونی ڕووبەری چێنراوی هاوینە لە ماوەی نێوان سالی بنەڕەت(٢٠١٣)و ساڵی بەراوردکار(٢٠١٩).

٣- خسـتنەڕووی ئەو گۆڕانکاریە ( ئەرێنی و نەرێنیانەی )بە سـەر بەکارهێنانی ڕووبەری چێنراوی هاوینە دا هاتووە لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٣و٢٠١٩) لە ناوچەکە لە سەر ئاستی کەرتەکان.


بە مەبەسـتی گەیشـتن بەئامانجەکانی تویژینەوە، بە پشـت بەسـتن بە داتاو ئامارەکانی سـاڵی(٢٠١٣و ٢٠١٩) بۆدیاری کردنی ڕێژەی گۆڕان لە ڕووبەری چێنراو بە بەروبوومی هاوینە میتۆدی شیکاری ئاماری (التحليل الاحصائى) یرەو کراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٢- ناساندنی ناوچەی توێژینەوە:

### ٢-١شوێنی فەلەکی و جوگرفی ناوچەی توێژینەوە:

ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە بەشــی باکوری ڕۆژهەڵاتی گۆی زەوی لە ڕووی فەلەکیەوە ناحیەی قوشتەپە دەکەوێتە نێوان هەردوو هێڵی درێژی (٥١⁻ :٤٣°- ١٩⁻: ٤٤°) ڕۆژهەڵات وهەردوو بازنەی پانی (٤٦⁻ : ٣٥° - ٥٦⁻ : ٣٦°) باکوری گۆی زەوی. نەخشەی (١)




نەخشەی(١)شوێنی فەلەکی و جوگرافی ناوچەی توێژینەوە

سەرچاوە کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:هاشم یاسین حمدامین حداد، کامران ولی محمود، ئەتلەسی پارێزگای هەولێر، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١١، لا١١.

ناحیەی قوشـتەپە لەڕووی جوگرافی یەوە پێگەیەکی گرنگی هەیە دەکەوێتە بەشـی باشـوری قەزای دەشـتی هەولێر، لە هەمان کاتدا، ڕووی کارگێڕیەوە سـەر بە قەزای ناوبراوە. ناحیەکە هاوسـنوورە لە ڕۆژهەڵات لەگەڵ ناحیەی سـێگردکان و لەباکوری ڕۆژهەڵاتی هاوسـنورە لە گەڵ ناحیەی شـۆرش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(دیگەڵە ) سـەر بە قەزای کۆیە، لە باکوری ناحیەی دارەتووە، لە باکوری رۆژئاواوە لەگەڵ سـەنتەری شاری هەولێر هاوسنووورە و لە رۆژئاواش ناحیەی شەمامکە کە سەر بە قەزای سەنتەری هەولێرە، لە باشـوریش زێی بچووک و ناحیەی پردێ یە سـەر بەقەزای سـەنتەری کەرکوک لە پارێزگای کەرکوک جیادەکاتەوە. ولە باشـوری رۆژئاواش هاوسـنووورە لەگەڵ ناحیەی سـەرگەڕان سـەر بە قەزای دوبز لە پارێزگای کەرکوک و ناحیەی کەندیناوە سـەر بە قەزای مەخمورە کە بەرزاییەکانی زورگەزراولێکیان جیادەکاتەوە.لە ئێسـتـادا نـاحیەکە (٥٥)کەرتی لە خۆگرتووە، پـاشـکۆی (١). ڕووبەری (٧٩٩)کم$^2$یە. خـاوەنی گەورەترین ڕووبەرە لە قەزاکە ڕێژەی (٦١%)ی ڕووبەری قەزاکە پێـک دەهێنێـت. ژمـارەی دانیشـتـوانی نـاحیەکە بە پێی خەملانـدنی وەزارەتی پلان دانـانی هەرێم بۆ سـاڵی(٢٠١٩) گەیشتۆتە(٣٣١٩٠) کەس. ژمارەی شـارنشـین(١٧٨٣٤) کەس و گوندنشـین(١٥٣٥٦) کەسـە، ڕێژەی گەشـە گەیشتۆتە نزیکەی(٤, ٥%).


## ٣-هۆکارەکاریگەرەکانی سەر بەکارهێنانی ڕووبەری چێنراوی بەرووبوومی هاوینە )لە ناحیەی قوشتەپە:

**٣-١ هۆکارە سروشیەکان** **٢-٣ هۆکارە مرۆییەکان**

**٣-١-١بەرزی و نزمی:** دروست بوونی بەرزی و نزمی ناوچەکە هەمان هۆکاری دروست بوونی بەرزی و نزمی دەشتی هەولێرە، بەشێوەیەکی گشتی ڕووەکەی تەختە،دەکەوێتە بانێکی شەپۆڵاوی بەشەکانی باشـوری رۆژهەڵاتی نزمترین بەشـی ناوچەکە پێک دێنێت. ناوچەی تویژینەوە لە ڕووی بەرزیەوە لە (٢٢٨م) کە نزمترین نـاوچەی توێژینەوەیە. ئەو نـاوچـانەی بەرزیـان لە (٣٠٠م) کەمترە ڕووبەریـان دەگـاتە(١٢٩کم$^2$) ڕێژەکەی دەگـاتە(٤, ١٦%) هەرچەنـدە بەرەو بـاکوری رۆژ هەڵاتی نـاوچەکە برۆین بەرزدەبینەوە لە ئاسـتی ڕووی دەریا زنجیرە بەرزاییەکانی (دێدەوان) (٨٣٨م) بەرزترین ناوچەیە لە ناحیەکە، نەخشەی (٢) دەردەکەویت. لە هەمان کاتدا هەرچەندە لە باشوری رۆژهەڵات بەرەو باشوری ڕۆژئاوای برۆین بەرز دەبینەوە لە ئاسـتی ڕووی دەریا تا دەگەینە بەرزاییەکانی زورگەزراو کەبەرزی (٥٠٢م). ئەم بەشە بە یەکەی دەشتایی دەناسرێت ئەو ناوچانە بەرزیان لە (٣٠٠بۆ ٥٠٠م) و ڕووبەرەکەی دەگاتە(٣١٢کم٢) وریژەکەی (٣٩%) یە جیگای ئاماژەیە، ئەم جۆرە یەکانەی بەرزی و نزمی شـیاوترین

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوچەیە بۆ بەکارهێنانی کشـــتوکاڵی و چاندن،کەواتە ئەم ڕووبەرە فراوانەی ناحیەکە گونجاوە بۆ چاندنی بەربوومی هاوینە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە یەکەکانی گردووبانەکان لەناحیەکە ســودی لێوەرناگیرێت،بەڵکو باشترین ناوچەن بۆ لەوەڕاندنی سامانی ئاژەڵی (مەروماڵات) چونکە دەوڵەمەندن بە ڕووپۆشی ڕووەکی شیاو بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵانی ناوچەکە. ڕووبەری گردوبانەکان دەگاتە (١٨٤کم٢ ) ڕێژەکەی (٢٣%) لێژی کەم ومام ناوەندی هەیە. ئەوەی تر کە دەمێنێتەوە ناوچەی بەرزایی و نەشیاوی کشتوکاڵی یە کە نزیکەی (٧, ٢١%) ناوچەکە پێک دەهێنێت.




نەخشەی (٢) تایبەتمەندیەکانی بەرزی و نزمی  ناوچەی توێژینەوە

سەرچاوە /کاری توێژەربەبەکارهێنانی DEM،landsas8وەرگیراوە لە سایتی www.usgs.gov

### ٣-١-٢ڕەگەزەکانی ئاووهەوا

ڕەگەزەکانی ئاوو هەوا بە یەکێک لە گرنگترین هۆکارە ســروشــتیەکان دادەنرێت کاردەکاتە ســەر بەرکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی بە گشتی و ناوچەی توێژینەوە بە تایبەتی، جێگای ئاماژەیە سیستەمی باران بارین هاوشێوەی سیستەمی بارانی دەریای ناوەڕاستە. لە هاویندا پلەی گەرمی بەرزو لە زستاندا ساردو باراناویە. لەخوارەوە ئاماژە بەگرنگترین ئەو ڕەگەزانە دەکەین کە کاریگەریان لە سەر کشتوکاڵ هەیە ئەوانیش پلەی گەرمی و بارانە:-

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ٣-١-٢-١پلەی گەرمی

پلەی گەرمی لە ناوچەی تویژینەوە کە یەکێکە لە ڕەگەزەکانی ئاوهەوا کاریگەری ڕاستەوخۆی و ناراستەخۆی هەیە لە سەرچالاکی کشتوکاڵی ڕووبەری چێنراوی هاوینە.لە خشتەی (١) دەردەکەوێت. کە پلەکانی گەرما لەناحیەی قوشتەپە جیاوازە لەکاتێکەوە بۆکاتێکیتر ئەمەش وادەکات کە جیاوازی هەبێت لە تێکرای مانگانەو ساڵانە و وەرزانەی پلەی گەرمی ناوچەکە. تێکرای نزمترین پلەی گەرمی لە مانگی کانونی دووەمە کەدەگاتە(٤٧, ٨س°).کەواتە نزمترین پلەی گەرمی لە ناوچەی توێژینەوە لەوەرزی زستان تۆمارکراوە کە تێکراکەی گەیشتۆتە(٥, ٨)پلەیە. ئەمەش کاردەکاتەسەر جیاوازی شوێنی و کاتی بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی تیاندا.

خشتەی (١) تێکرای ساڵانەو مانگانە و وەرزانەی پلەی گەرمی( %) (٢٠١٠- ٢٠١٩) ناحیەی قوشتەپە

| وەرز | پایز | | | زستان | | | بەهار | | | هاوین | | | تێکرای ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مانگ | ئەیلول | ت١ | ت٢ | ك١ | ك٢ | شوبات | ئادار | نیسان | مایس | حوزیران | تەمووز | ئاب | |
| تێکرای مانگانە | ٣٠,٢ | ٢٣ | ١٥ | ١٠,١ | ٨,٥ | ١٠ | ١٣,٥ | ١٩,٨ | ٢٦,٢ | ٣٢,١ | ٣٥ | ٣٤,٧ | ٢١,٥ |
| تێکرای وەرزی | ٢٢,٧٣ | | | ٩,٥٢ | | | ١٩,٨٣ | | | ٣٤,٠٦ | | | |

سەرچاوە کاری توێژەر بەپشت بەستن بە : حکۆمەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، هۆبەی کەش ناسی ، ٢٠١٩، داتای بڵاونەکراوە.

بەرزترین پلەکانی گەرما ی تۆمارکراو لە وێستگەی کشتوکاڵی ناوچەکە لەمانگی تەموزودا بووە ، تێکرای گەرمی گەیشتۆتە (٣٥س°) بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە تێکرای پلەکانی گەرما لەوەرزی هاوین گەیشتۆتە(٣٤ ,٠٦)پلەیە زیاترە بە بەراورد بە وەرزی زستان.هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆچەند هۆکارێک لەوانە شوێنی فەلەکی،جیاوازی لەنێوان درێژی شەووڕۆژ،گۆشەی بەرکەوتنی تیشکی ڕۆژو دووری ڕووبەرە ئاویەکان لە ناوچەکە ئەمەش هۆکاری بوونی هەرێمی ئاووهەوای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەرمە سێرە. بەم شێوەیە تێکرای پلەی گەرمی ساڵانەدەگاتە(٥, ٢١س$^{o}$) لە نێوان ساڵانی (٢٠١٠- ٢٠١٩) . ئەم جیاوازیە لە تێکرای مانگانەو ساڵانە بەرپرسە لە جیاوازی ڕووبەری چێنراوی هاوینە و بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی.

## ٣-١-٢-٢ داباریـن:

مەبەست لەداباریـن هەموو شێوەکانی ئاوە کە لە ئاسمانەوە دادەبەزنە سەر زەوی و باران بارین دیارترین شێوەکانی دابارینە لە ناوچەکە، جیگای ئاماژەیە سیستەمی باران بارینی ناوچەکە بەندە بەندە بە سیستەمی دەریای ناوەڕاست  کە بە گشتی لە ناوەڕاستی مانگە تشرینی یەکەم دەست پێدەکات تا کۆتای مانگی مایس، کە تێکڕای بارانی ساڵانە لە نێوان ساڵانی(٢٠١٠- ٢٠١٩) گەیشتۆتە(٤٩٧ملم).خشتەی (٢)،توێژینەوەکەمان پەیوەنداره بە بەروبوومی هاوینە کەواتە بەربوومەکان پشت بە باران نابەستن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەڵکو کاریگەری ناڕاستەوخۆی هەیە لە سەر ڕووبەرو بڕی بەرهەمی هاوینە. چونکە هەرچەندە بڕی بارانی ساڵانە بەرزتربێت ئەوا دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی شێی خاک ئەمەش ڕەنگدانەوی دەبێت لە سەر ڕووبەرو بڕی بەرهەمی هاوینە دێمیەکان ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تر بڕی بارانی ساڵانە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر ئاوی ژێر زەوی ئاستەکەی، ئەمەش ڕەنگدانەوی هەیە لە سەر ڕووبەرو بڕی بەرهەمی هاوینە ئاودێریەکان، سەرە ڕای ئەوەش بەشێکی کەمی کەرتەکانی ناحیەکە لە ئاودێری کردن پشت بە ئاوی زێی بچووک دەبەستن، گومان لەودا نی یە بڕی بارانی ساڵانەش کار دەکاتە سەر داهاتی ئاوی ڕووبارەکە، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بڕی بارانی ساڵانە بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ کاریگەری هەیە لە سەر ڕووبەرو بڕی بەرهەمی بەروبوومە هاوینیەکانی ناحیەکە.

خشتە( ٢) سەرجەمی ساڵانە و تێکرای مانگانەو وەرزانەی باران بارین/ملم لە نێوان ساڵانی (٢٠١٠- ٢٠١٩)ناحیەی قوشتەپە

| وەرز | پایز | | | زستان | | | بەهار | | | هاوین | | | تێکرای ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مانگ | ئەیلول | ت١ | ت٢ | ک١ | ک٢ | شوبات | ئادار | نیسان | مایس | حوزیران | تەمووز | ئاب | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **تێکرای مانگانه** | - | ٢٢ | ٤٩ | ٨٠ | ١٠١ | ٧٦ | ٨٩ | ٥٨ | ٢٢ | - | - | - | ٤٩٧ |
| **سەرجەمی وەرزی** | ٧١ | | | ٢٥٧ | | | ١٦٩ | | | - | | | |

سەرچاوە کاری توێژەر بەپشت بەستن بە :حکومەتی هەرێمی کوردستان عێراق، وەزارەتی کشتوکال و ئاودێری وسەرچاوەکانی ئاو، بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر ، بەشی کشتوکاڵی قوشتەپە، هۆبەی کەش ناسی،٢٠١٩.لە بەر نەبوونی داتای تری رەگەزەکانی تری ئاووهەوا نەمانتوانی ئاماژەیان پێبکەین .

**٣-١-٣خاک:**

خاک ئەو بەشەیە کەڕووی زەوی داپۆشیوە بە ئەستووری لە نێوان سانتیمەرێک بۆ چەند سانتیمەترێک بۆ چەند مەترێک دەبیت. بە شێوەیەکی گشتی پێکهاتووە لە مادەی کانزایی و ئەندامی ئاوو هەوا، خاکی ناوچەی توێژینەوە پێکهاتووە لە ماددەی نیشتووی کۆن(Old Alluvium) خاکی ناوچەی توێژینەوە لە ڕووی پێکهاتەوە دەکەوێتە ژێر پۆلینی( Aridisoils)، خاکی ناوچەی توێژینەوە بەوە جیادەکرێتەوە ئەستوری و قوڵی مام ناوەندیە و گونجاوە بۆ کشتوکاڵ بەروبوومی زستانە و هاوینەوە وەک دانەوێڵەو سەوزەوات بۆیە زۆترین ڕووبەری ناوچەکە دەکرێت بە کشتوکاڵ تەنها بەشێکی کەمی بۆ لەوەراندن و شوانکارە بەکاردێت.(قهرمان، ٢٠٠٤،ص١٩٨). بەڵام بۆ پۆلین کردنی جۆرەکانی خاک پشتمان بەستووە بە سیستەمی ئەمریکی پۆلین کردنی خاک U.S.Cmper (ehensive Soil Classification System) کەتیشک دەخاتە سەر گرنگی پێک هاتەی خاک و بنەچەوجۆرو هۆکاری دروست بوونی بەپێی ئەم پۆلینە خاکی جیهان دابەش کراوە بۆ (١٢) پۆل جیگای ئاماژەیە ئەم پۆلینە لەلایەن (الطائی )(١٩٦٨) وەکارهێنراوە بۆ پۆلین کردنی خاکی ووڵاتی عێراق کەوا نەخشەیەکی پێوەر (١:ملیون ) بڵاوکراوەتەوە(Al.Taie, 1968) بەپشت بەستن بەم پۆلینە خاکی ناحیەکەمان دابەش کردووە بۆ ئەم پۆلانەی خوارەوە :-

**٣-١-٣-١خاکی قاوەیی سورباو(قوری ) Vertisol**

خاکی قوری ڕەنگ قاوەیە سورباوبەشی زۆری ناوچەی توێژینەوەی داپۆشیوەکە کەڕووبەرەکەی دەگاتە(٥٩٨کم$^{2}$) بەرێژەی (٨, ٧٤%). ئەم جۆرە خاکە قووڵە بە ئەستووری جیاوازو ڕێژەی قور تێایدا بەرزە ودەگاتە زیاترلە (٣٥%) . ئەم جۆرە خاکە لە باکوری ناحیەکەوە بەرەو باشووری درێژدەبیتەوە لە ڕۆژهەڵاتەوەش بەرەو ڕۆژئاوا تەنها بەرزایەکانی دیدەوان و لە بەشی ڕۆژهەڵات و بەرزاییەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زورگەزراو لە باشووری رۆژئاوادانەبێت .نەخشەی (٣) دەردەکەوێت. هۆکارەکانی بەرپرس لە دروست بوونی ئەم جۆرە خاکە وەک( ئاووهەواو، بەرزی و نزمی ، ڕووپۆشی ڕووەکی و بەردی دایک ....هتد)یە.

### ٢-٣-١-٣خاکی لیسیوسۆڵ :Inceptisol

ئەم جۆری خاکە بەگشتی گردووبان و بەرزاییەکان و ناوچە نیمچە لێژەکانی ناوچەکەی داپۆشیووە . بەگژووگیای ئەستێپسی کورت داپۆشراوە تا ڕادەیەک نەشیاوە بۆ چاندن بەتایبەتی گەنم و جۆ و سەوزەوات، لە هەمان کاتدا گونجاو ترین ناوچەیە بۆ لەوەڕاندنی سامانی ئاژەڵی چونکە دەوڵەمەندە بە گژووگیای گونجاو بۆ ئاژەڵداران. خاکی لیسیوسۆڵ گەشەی کردوە لە سەر بەردی رەق و بەهێز بۆ کەشکاری بەتایبەتی بەردی کلسی و جبس و جۆرێکە لە جۆرەکانی خاکی نا پشتینەیی ( Azonal Soil)،هۆکارەکانی دروستبوونی چەندین تایبەت مەندی پێبەخشیووە لەوانە ئەستووریەکەی کەمە و تێکەڵە لە گەڵ بەردی چەگلی و رێژەی مادەی ئۆرگانی تیایدا کەمە رێژەی کلس تیایدا دەگاتە( ٣٥%) رێژەی جبسی کەمترە لە (٣%) و ئەستووریەکەی لە ناوچە نزمەکانی دەوروبەری بەرزاییەکانی دیدەوان و زورگەزراو زیاد دەکات (حداد، ٢٠٠٠، ص١٠٥) جێگای ئاماژەیە ڕووبەری ئەم جۆرە خاکە لە ناوچەکە دەگاتە (١٩٧کم٢)رێژەی( ٢٤,٦٥%) لە کۆی رووبەری خاکی ناوچەکەیە و بەرزاییەکانی رۆژهەڵاتی (دیدەوان) و زورگەزراو لە باشوری رۆژئاوای ناوچەکە دەبینرێت.




**نەخشەی (٣) دابەشبوونی خاک لە ناحیەی قوشتەپە**

سەرچاوە کاری توێژەر بەپشت بەستن بە : AL.Taie.Flauneh. H. Soil land soil associayien map of Iraq.Ministry of Agriculture. Baghdad.1968

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ٣-١-٣-٣خاکی قەراغ ڕووبارەکان :Entisol

خاکی قەراغ ڕووبارەکان جۆرێکە لە جۆرەکانی خاکە نوێبووەکان کە بەبەردەوامی لە ئەنجامی لافاودا نشتەنیەکان لەم بەرو ئەو بەری ڕووبارەکان دەنیشن، خاکی قەراغ ڕوبارەکان بەدرێژایی لای ڕاستی زێی ی بچووک لە ناحیەکە بەدی دەکرێت و ڕووبەرێکی بچووکی خاکی ناوچەکە پێک دەهێنێت، ڕووبەرەکەی دەگاتە(٤کم٢)ڕێژەی (٥, ٠%) یە لەکۆی ڕووبەری خاکی ناوچەکە. ئەم جۆرە خاکە کە ڕێژەی لم تیایدا بەرزەو کونیلەکانی زۆرن بەشێکن لە خاکی نا پشتێنەیی ئەستووریان بە پێی لێژی ناوچەکە دەگۆڕێت و دەکرێت سوودی لێ وەربگیرێت بۆکرداری چاندن بەتایبەتی چاندنی سەوزەواتی هاوینە. بە شێوەیەکی گشتی خاکی ناوچەکە بەم تایبەتمەندیانەی دەناسرێتەوە:-

١-خاکی پشتێنەین **٢-** ڕاماڵینی ئاوی بە شێوەیەکی بەربڵاو تیایدا ڕوودەدات هەرچەندە ڕاماڵینی کەم بۆ مام ناوەندو ڕاماڵینی هەوایی تیایدا کەمە.**٣-** لێژی زەوی لە ناوچەکە کەمە بەگشتی کەمترە لە (٨%) ٤-سیستەمی ئاوەڕۆی و چوونە خوارەوەی باشە.**٥-** ڕێژەی مادەی ئۆرگانی تیایدا کەمترە لە (٣%) .٦-ڕەنگی خاکە ناوچەکە قاوەیی کاڵە لە کاتی ووشکی و دەگۆڕیت بۆ قاوەیی تۆخ لە کاتی شێداری.**٧-** پلەی کارلێکی($P^H$)لە نێوان(٧, ٧- ٣, ٨) کەواتەبەرەو تفتی یە. **٨-** ڕێژەی کاربۆناتی کالیسیوم تیایدا بەرزە و(N.P.K)تیایدا کەمە. ٩- شیاوە بۆ چاندنی بەروبوومی زستانە و هاوینە و ڕەزگەری. (قهرەمان، ٢٠١٩ص ٢٨٤-٢٢٦)

### ٣-١-٤دەرامەتی ئاو Water Resources

دەرامەتی ئاو لە ناوچەکە بریتیە لە ئاوی سەر زەوی و ئاوی ژێر زەوی لە خوارەوە ئاماژەی دەکەین:

### ٣-١-٤-١ئاوی سەرزەوی Surface water

لەگەڵ ئەوەی ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە نێوان هەردووئاوزێلی زێی گەورەو زێی بچووک، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەم سوود لە ئاوەکەیان وەردەگیرێت، ئاوی سەرزەوی لەم ناوچەیە زیاتر بریتین لە چەمی وەرزی لە کاتی باران بارین ئاویان پیادا تێپەردەبێت لە گەڵ سەرەتای هاوین ئاوەکانیان ووشک دەکات، هەرچەندە بڕی داهاتی ئاویان بەندە بە بڕی باران و بەفری ساڵانەکە لە ناوچەکە دەبارێت. و گرنگترین چەمی وەرزی ناوچەکە ئەمانەن (چەمی شیوە سوور کوردەرەیە) کە دەڕژێنەزێی گەورە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چەمی شەلغە و شێراوە دەرژێنە زێی بچووک (احمد، ٢٠١٢، ص ٣٠) .وەک ئاماژەمان پیکرد چەمەکانی وەرزین کەواتە تەنها لە وەرزی باران ئاویان هەیە سودیان لێوەرناگیرێت بۆ بەروبوومی هاوینە، بەڵام ئەگەر لە داهاتوودا بەنداویان لە سەر دروست بکرێت ئاو سوودی دەبێت بۆ ئاودێری بەرو بوومی هاوینە لە هەمان کاتدا هۆکارێکن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئاودێری لە ناحیەکە. جێگای ئاماژەیە گرنگترین ئەو ئاوانەی کە بەردەوامی تێپەڕ دەبن لە ناوچەکە زێی بچووکە کە سنوری جیا کەرەوەیە لەگەڵ پاریزگای کەرکوک، بە بەشی باشورە ڕۆژهەڵاتی ناحیەکە تێپەر دەبێت، کە دەکەونە کەرتەکانی (قشقەو خورخور )سود لە ئاوەکەی وەردەگرن بە مەبەستی ئاودێری کردنی بەروبوومی چێنراوی هاوینە لە ناحیەکە بە تایبەتی ئەو زەویانەی دەکەونە لای ڕاستی ڕووبارەکە.لەمەوە (رحمان، ٢٠١٦، ل٤٨) بۆمان دەردەکەوێت کە بەروبوومی هاوینە لە ناحیەکە پشت بە ئاوی ژێر زەوی و سەر زەوی دەبەستێت بۆ ئاودێری، کەواتە ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبیت لە سەر ڕووبەرو بڕی بەرهەمی هاوینە لە ناوچەی توێژینەوە.

**٣-١-٤-٢ئاوی ژێر زەوی Ground water**

بریتیە لەو ئاوانەی کە لە ژێر زەوی پەنگی خواردۆتەوەو لە نێو چینە بەردینەکان و کونیلەکانی ژێر زەوی، و لە رێگەی کانیاو کارێزو بیرەکان لە سەر ڕووی زەوی دەردەکەون ، بە پێی سەرچاوە جۆراو جۆرەکانی ( دابارین ، چاڵاکی بوورکانی ، ئاوی سەر زەوی ....هتد) (کاکەیی، ٢٠٠٣، ل١٠٨) جیگای ئاماژەیە لە ناوچەی توێژینەوە زیاتر پشت بە ئاوی بیرەکان دەبەسترێت بۆ چالاکیە جۆراو جۆرەکان بەتایبەتی بۆ چاندنی بەرووبوومی هاوینە، لەخوارەوە ئاماژە بە گرنگترین جۆری بیرەکان دەکەین :-

١-بیری ئیرتوازی حکوومی بیری ئیرتوازی ئاوەکانیان دەردەهێنرێت و سودیان لێوەر دەگیرێت،ئەم جۆرە بیرانە لە لایەن حکومەت هەڵکەنراوون بۆ بەرژەوەندی گشتی بەکاردەهێنرێت زیاتر بۆمەبەستی دابین کردنی ئاوی خواردنەوەیە بۆ خەڵکی گوندەکان ژمارەیان(١٠٥) بیرە.

٢- بیری ئیرتوازی تایبەت ئەم جۆرە بیرانە ژمارەیان (٦٤٣) بیرە زیاتر لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە هەڵکەنراون بەمەبەستی کشتوکاڵ کردن خواردنەوە بەکاردەهێنرێت. لە هەمان کاتدا ئەم بیرانە خاوەنی کۆمەڵیک تایبەتمەندین لەڕووی ژمارەو بڕی ئاووکۆی بەرهەم تێکرای بەرهەم وتێکرای قولی و ئاستی ئاوی جێگیرو خولاویان جیاواز لە خشتەی (٣)دەردەکەوێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (٣) تایبەتمەندی بیرەکانی ناوچەی توێژینەوە

| تایبەتمەندی بیرەکان | جۆری بیرەکان | | کۆی |
|---|---|---|---|
| | حکوومی | تایبەت | |
| ژمارەی بیر ەکان | ١٠٥ | ٦٤٣ | ٧٤٨ |
| کۆی بەرهەمی ئاوی/ گاڵۆن/خولەک | ٨٧٨١ | ٩٦١٥٩ | ١٠٤٩٤٠ |
| تێکرای بەرهەم /گاڵۆن/خولەک | ٨٣ | ١٣١ | ١٢٥ |
| تێکرای قوڵی بیرەکان/م | ٣٠٥ | ٣٢٥ | ٣٢٥ |
| ئاستی ئاوی جێگیر/ م | ٣٣ | ١٠٤ | ١٣٧ |
| ئاستی ئاوی جووڵاو/ م | ٤٨ | ١٧٨ | ٢٢٦ |

کاری توێژەر بەپشت بەستن بە :حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو ، بەرێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی، هەولێر، بەشی پلاندانان، ٢٠١٩، داتای بڵاو نەکراوە.

لەخشتەی سەرەوە دەردەکەوێت، سەرجەم بیرەکان بە حکومی و تایبەت ژمارەیان (٧٤٨) بیرە و کۆی بەرهەمی ئاویان (١٠٤٩٤٠/گاڵۆن/خولەک) دەبێت، تێکرای بەرهەمیان(١٢٥/گالۆن/خولەک) تێکرای قولی ئەم بیرانە دەگاتە(٣١٥/م) بەشی زۆری بیرەکانی ناحیەکە لەڕووی ئاستی ئاوی جێگرو خوڵاوتارادەیەک لە یەکتر نزیکن ئاستی ئاوی جیگیریان لەنێوان (٣٣- ١٠٤) مەترە و ئاستی ئاوی جولاویان لەنیوان (٤٨-١٧٨) مەترە .جێگای ئاماژەیە ئەو ژمارە زۆرەی بیرەکان هۆکارێکی گرنگی کەم بوونەوەی ئاوی ژێر زەوی ناوچەکەیە، لە هەمان کاتدا کاری کردۆتە سەر ئاستی ئاوی جێگێرو جووڵاوی بیرەکانی ناوچەکە، ئەمەش وایکردووە قوڵایی بیرەکان ساڵ لە دوای ساڵ زیاتر بێت، لە ئەنجامی پشت بەستنی دانیشتوانی ناحیە بەئاوی ژێر زەوی بەهۆی کەمی سەرچاوەکانی ئاوی سەر زەوی و هەڵبەزو دابەزینی بڕی بارانی ساڵانە، و پشت بەستنی جوتیارانی ناوچەکە بە ئاوی ژێر زەوی بۆ ئاودێری کردنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانیان (بەربوومی هاوینە).

### ٣-٢ هۆکارە مرۆییەکان

### ٣-٢-١ژمارەی دانیشتوان و هێزی کار

ناوچەی توێژینەوە وەک بەشێک لە هەرێمی کوردستان گۆڕنکاری زۆری بەخۆیەوە بینیووە لە ڕووی دابەش بوونی ژینگەیی دانیشتوان و دەستی کاری کشتوکاڵی گۆڕنکاریەکانیش بەندە بە هۆکاری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیاسی و سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کارگێری (حمدامین، ٢٠٠٩، ص ١٥)جێگای ئاماژەیە ناوچەی توێژینەوە گۆڕانکاری بەرچاوی بە خۆوە بینیووە لە ڕووی دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان، لەخشتەی (٤) دەردەکەوێت.

خشتەی (٤) تایبەتمەندنی دانیشتووان لەناحیەی قوشتەپە لە نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠١٩)

| ساڵ | ژ. دانیشتوان | شارنشین | % | گوندنشین | % | ڕێژەیگەشە% | ژ.جووتیار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٨٧ | ١٢٦٣٨ | ١٢٢٨٨ | ٩٧,٣ | ٣٥٠ | ٢,٧ | ٧,٤- | - |
| ٢٠٠٢ | ٢٢٠٠٠ | ١٢٥٠٠ | ٥٦,٨ | ٩٥٠٠ | ٤٣,١ | ٣,٨ | ٤٣٢٧ |
| ٢٠١٠ | ٢٦٣٧١ | ١٤١٧٠ | ٥٣,٧ | ١٢٢٠١ | ٤٦,٢ | ٥,٠ | ١٤٠٠ |
| ٢٠١٩ | ٣٣١٩٠ | ١٧٨٣٤ | ٥٣,٧ | ١٥٣٥٦ | ٤٦,٢ | ٥,٤ | ٣٧٩٢ |

سەرچاوە/ کاری توێژەربەپشت بەستن بە: ١-خليل اسماعيل محمد،ايوب خليل اسماعيل،التحليل الجغرافي لتوزيع المستوطنات الريفية في ناحيه قوشتەپە،گۆڤاری زانکۆ،گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتیەکانە-زانکۆی سەڵاحەدین –هەولێر، ژمارە ، ٢٨، ٢٠٠٢،لا ٣٥. ٢-حکومەتی هەرێمی کورستان، وەزراتی پلان دانان،دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی دانیشتوان وهێزی کار،داتای بڵاونەکراوە،٢٠١٩.

ئەمەش ڕاستەوخۆ کاری کردۆتە سەر ژمارەو ڕێژەی دەستی کاری کشتوکاڵی لە ناحیەکە.کەزیاتر لە (%٩٧) دانیشتوان لە سەنتەری ناحیەکە نشتەجێبوون لە ساڵی (١٩٨٧)کەمتر لە (%٣) لە گوندەکان،ئەمەش ڕەنگدانەوی هەبوو لە سەر ژمارەی دەستی کاری کشتوکاڵی. بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٢) ڕێژەکە جارێکی تر گۆڕانکاری بە خۆوە بینیووە، ڕێژەی شارنشین گەیشتۆتە نزیکەی (%٥٧)،گوندنشین (%٤٣) ئەمەش بەندە بە هۆکاری سیاسی و ئابووری بە تایبەتی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس گوندنشینان جارێکی تر گەڕانەوە گوندەکانیان و کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لە سەر ژمارەی جوتیاران و ژمارەیان گەیشتۆتە(٤٣٢٧) جوتیار، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٠) ڕێژەی دانیشوانی گوند بەرەو زیادبوون چووکە(%٤٦ ,٢)لە کۆی دانیشوانی ناحیەکە،بەڵام ژمارەی دەستی کاری کشتوکاڵی کەمی کردوە ئەمەش بەندە بە تۆمارکردنی ژمارەیەکی زۆر گوندنشینان لە ڕێزەکانی هێزی پێشمەرگەو ناوخۆو ئاسایش و فەرمانبەری میری، بەشێوەیە ژمارەی دەستی کاری کشتوکاڵی گەیشتە(١٤٠٠) جوتیار. بەڵام جارێکی تر لە ساڵی (٢٠١٩) ژمارەی دەستی کاری کشتوکاڵی ناحیەکە بەرزبۆونەوی بە خۆوە بینیووە ژمارەیان گەیشتۆتە(٣٧٩٢) جوتیار، ئەم گۆڕنکاریەش بەندە بە باری ئابووری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فەرمانبەرانی ناحیەکەو ناوچەکە بە هۆی دابەزینی نرخی نەوت و کێشـەی نێوان حکومەتی هەرێم و بەغدا لە ئەنجامدا ژمارەیەکی بەرچاوی دانیشـــتوان گەڕانەوە بۆ گوندەکانیـان و بووبە هۆکاری بەرزبوونەوەی ژمارەی دەستی کاری کشتوکاڵی لە ناحیەکە.

**٣-٢-٢ شێوازی زانستی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی :**

واتە بەکارهێنانی ئامرازو ئامێری نوێ و سـەردەمیانە و شـێوازی مۆدێرن لە چالاکی کشـتوکاڵیەکان بە تایبەتی لەبواری کشتوکاڵی ڕووەکی (سعید، ٢٠١٢، لا٢٢٩) پێشکەوتەکانی تەکنەلۆجیا ڕۆڵی هەبووە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زەوی کشـــتوکاڵی و زیادکردنی ڕووبەر و جۆرو بڕی بەرهەمی کشـــتوکاڵی. لەخوارەوە ئاماژە بەگرنگترین ئەو پێشکەووتنانە و کاریگەریان دەکەین :

**٣-٢-٢-١ ئامێرەکانی کشتوکاڵ:**

ناوچەی توێژینەوە بە هۆی کەمی بەرزی و نزمی ڕووی زەویەکەی کەمی لێژیەکەی یارمەتی دەربووە بۆ بەکارهێنانی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئـامێری جۆراو جۆری کشـــتوکاڵی زۆرینەی ئەو ئـامێرانەش خـاوەنـداریەتیـان دەگەڕێتەوە بۆ جوتیـارانی نـاوچەکە، تەنیـا بەشـــێکی کەمی ئەو ئـامێرانە موڵکی حکومەتن، هەندێک لەو ئامێرانە لەلایەن حکومەتەوە بەریگای قستی دریژخایەن دراون بەجوتیاران، کۆی ژمـارەی ئـامێرەکـان لەمـاوەی ســـاڵانی(٢٠١٠-٢٠١٩)دەگـاتە(٣٦٦٩)ئامێرە بە هەمووجۆرەکانیەوە جیاوازی هەیە لە جۆری ئامێرە کشـــتوکاڵیەکالییە بەکارهاتووەکان لە ناحیەکە. ئامێری کشـــتوکاڵی جۆراوجۆر لەناحیەکە بەکارهاتووە.لە خشـــتەی(٥) دەردەکەوێت. ئەمەش بە هۆی کردنەوەی بانکی کشتوکاڵی و دابین کردنی ئامێرەکان بە قەرز لەلایەن حکومەت بە جوتیارانی ناوچەکە، لەهەمان کاتدا زۆرترین ئامێری بەکار هاتوو تراکتۆر بووە، کەژمارەکەی گەیشتۆتە(١٤٦٦) تراکتۆر لە پاشان ئاو پرژێن (مەرەشـــە) و ئینجا گاســـن دێت، لەماوە ســـاڵانی( ٢٠١٠- ٢٠١٩) ، جێگای ئاماژە پێکردنە لە ناوچەکە چەندین ئامێری کشتوکاڵی نوێ بەکارهاتوون کە لە پێش ساڵی (٢٠١٣) دا نەبوون لە دوای ساڵی (٢٠١٣) لە ناوچەکە بەکارهێنراون وەک ئامێری چاندنی پەتاتە هەڵگرتنەوە و ڕنیینی زەیتون، بێگومان ئەمانە ســـەرەڕای زیاد بوونی ئامێرەکانی تر وەک ئاماژەمان پێکرد بەتایبەتی ئاوپرژێن و تراکتۆرو گاســـن ودەراسە، کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەبووە لە سەر فراوانبوونی ڕووبەری زەوی چێنراوی هاوینە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (٥) ژمارەو جۆری ئامێرەکان لەناوچەی تویژینەوە لە ماوە ساڵانی(٢٠١٠-٢٠١٩)

| ئامێر | کاسن | تۆچێن | هەعفەرە | مایکرۆن | ئاپساک | دەراسە | محمولە | کاکوت | تراکتۆر | حەباشە | مرەشە | هەڵگرتنەوەی | ڕنینی زەیتون | چاندنی پەتاتە | چاندنی پیاز | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٥٦٩ | ١٠٥ | ٤ | ٣ | ٦ | ٣٨٢ | ٤ | ٤١ | ١٤٦٦ | ٤٩ | ١٠٢٩ | ٢ | ٥ | ٢ | ٢ | ٣٦٦٩ |
| ئامێر | کاسن | تۆچێن | هەعفەرە | مایکرۆن | ئاپساک | دەراسە | محمولە | کاکوت | تراکتۆر | حەباشە | مرەشە | هەڵگرتنەوەی | ڕنینی زەیتون | چاندنی پەتاتە | چاندنی پیاز | کۆی گشتی |
| ژمارە | ٥٦٩ | ١٠٥ | ٤ | ٣ | ٦ | ٣٨٢ | ٤ | ٤١ | ١٤٦٦ | ٤٩ | ١٠٢٩ | ٢ | ٥ | ٢ | ٢ | ٣٦٦٩ |

سەرچاوە / کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:حکومەتی هەرێمی کوردستان،بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر بەشی خزمەتگوزاری کشتوکاڵی، هۆبەی ئامێرەکان، داتای بڵاو نەکراوە٢٠١٩.

**٢-٢-٢-٣پەین کردن:**

توانستی خاک لە دابین کردنی پێداویستیەکانی خۆراکی ڕووەک جیاوازە، بەهەمان شێوە پێداویستی یە ڕووەکیەکانیش جیاوازە بۆ بڕی پەین. بەگشتی جیاوازی هەیە لە نێوان سەوزەواتی زستانە و هاوینە لە بڕی پێویستی بە پەین، لەگەڵ ئەوەشدا سەوزواتی هاوینە بڕی زیاتری پێویستە جیگای ئاماژە پێکردنە وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە بڕێکی دیاری کراو پەین بە سەر جوتیارانی هەرێم و ناوچەکە دابەش دەکەن، لە خشتەی (٦) دەردەکەوێت. هەرچەندە ئەو بڕە دابەش کراوە پێداویستی بەرهەمە چێنراوەکانی ناوچەکە پڕناکاتەوە، بەڵام بەشێک لە پێداویستیەکان دابین دەکات .و زیاترین بڕی دابەشکراو لە جۆری (D.A.P) و یوریا بووە، بەتایبەتی لە ساڵی (٢٠١٤) بڕی دابەش کراوی پەینی (D.A.P) و یوریاو نایترۆجین گەیشتۆتە( ١٣١) تەن، بەڵام ئەم بڕە ساڵ لەدوای ساڵ کەمی کردووە تالەساڵانی( ٢٠١٨و ٢٠١٩) هیچ بڕێک دابەش نەکراووە، ئەمەش وایکردووە جوتیاران پەنا ببەنە بەرکڕینی پەین لە بازاری ناوخۆ بەنرخی گران و یاخود بەکارنەهێنانی، بێگومان ئەمەش ڕەنگدانەوی نەرێنی هەبووە لە سەر بەپێزی خاک و کەم بونەووە بڕشتی زەوی لە ناوچەکەدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (٦)جۆرو بڕی پەینی دابەش کراو/تەن/ لەماوەی ساڵانی (٢٠١٠-٢٠١٩)

| ساڵ / جۆری پەین | ٢٠١٠ | ٢٠١١ | ٢٠١٢ | ٢٠١٣ | ٢٠١٤ | ٢٠١٥ | ٢٠١٦ | ٢٠١٧ | ٢٠١٨ | ٢٠١٩ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| D.A.P | ١٠ | ٢٨ | ٣٦ | ٣٧ | ٥٥ | ٣٠ | ٢٧ | ١٠ | - | - |
| یوریا | ١٤ | ٣٠ | ٢٨ | ٧٠ | ٦٩ | ٤٤ | ٤١ | ٢٢ | - | - |
| نایترۆجین | ٣ | ٨ | ٦ | ٥ | ٧ | ٩ | ٦ | ٨ | - | - |
| کۆی گشتی | ٢٧ | ٦٦ | ٦٦ | ١٠٩ | ١٣١ | ٨٣ | ٧٤ | ٤٠ | - | - |

سەرچاوە کاری توێژەر/ بەپشت بەستن بە:حکومەتی هەرێمی کوردستان،بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی دەشتی هەولێر، هۆبەی کشتوکاڵی قوشتەپە، بەشی خزمەتگوزاری کشتوکاڵی، داتای بڵاونەکراوە،٢٠١٩.

### ٣-٢-٢-٣بەکارهێنانی دەرمانی قەڵاچۆکرنی مێرو نەخۆشیەکشتوکاڵیەکان

بەکارهێنانی بڕو جۆری قەڵاچۆکەرەکان لەلایەن جوتیارانی ناوچەکە هۆکاری پاراســتنی بڕو جۆری بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی ناوچەکەیە، کاریگەری هەیە لەسەر بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی لە ناوچەی توێژینەوە لە خشـــتەی(٧) دەردەکەوێت، کەبڕی بەکارهێنراوی دەرمانی قەڵاچۆکردنی نەخۆشـــی و ڕووەکە زیان بەخشـــەکان لە ناوچەکە جیاوازە، ئەم بڕەش بەندە بە بڵاو بوونەوەی جۆری نەخۆشـــیە ڕووەکیەکان و بەتایبەتی ڕووەکی کشتوکاڵی (زستانە- هاوینە) و یاخود ڕەزگەری، و زیاترین دەرمانی بەکارهاتوو بریتیە لە هەردوو دەرمانی (ئاڤنیت و ڕۆدمێل)بە مەبەســتی قەڵاچۆ کردنی زیندەوەرە زیان بە خشەکان و کەڕوی ڕووەک کە بڕەکەی لە نێوان ساڵانی ( ٢٠١٠- ٢٠١٩) گەیشتۆتە( ١٥٦٥٠لیتر) لە ئاڤێنت و (١٨٦٠کگم) لە دەرمانی ڕۆدۆمیل.

خشتەی (٧)بڕو جۆرو نرخی دەرمانی قەڵاچۆکەرەکانی بەکارهاتوو لە نیوان ساڵانی ( ٢٠١٠- ٢٠١٩)

| جۆری دەرمان / بڕونرخەکەی | | گرانستار | ویتێرتویل | ڤیتاڤاکس | ڕۆندئاپ | ئافنسکیت | ڕۆدۆمیل | پۆماسوپەر | ڤیرۆتۆکس | ئاڤینێت | پرۆپلانت | نیسرۆن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بڕی | کگم | ٣٧ | - | ٧٤٠ | - | ١٢٢ | ١٨٦٠ | - | ٦٠ | - | - | ١٨٥ |
| | لتر | - | ١٦٠ | - | ١٤٠ | - | - | ٩٥٠ | - | ١٥٦٥٠ | ١٣٦ | - |
| | حکومەت | ٨٠٠٠ | ٢٠٠٠ | ٤٥٠٠ | ٤٠٠٠ | ٣٠٠٠ | ١٠٠٠٠ | ١٢٠٠٠ | ٣٠٠٠ | ٣٢٥٠ | ٧٥٠٠ | ٨٠٠٠ |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| نـــــرخ بەدینار | بازاری ئازاد | ٢٤٠٠٠ | ١٢٠٠٠ | ٩٠٠٠ | ١٦٠٠٠ | ٩٠٠٠ | ٣٠٠٠٠ | ٣٦٠٠٠ | ٢٠٠٠٠ | ٩٠٠٠ | ٢٨٠٠٠ | ٣٠٠٠٠ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|

سەرچاوەکاری تویژەربە پشت بەستن بە:حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، بەشی کشتوکاڵی قوشتەپە ،هۆبەی پاراستنی رووەک، داتای بڵاو نەکراوە، ٢٠١٩.

### ٣-٢-٣رێگاو بان و هۆکاری گواستنەوە :

مرۆڤ هەرلەکۆنەوە هەوڵیداوە گیروگرفتەکانی گواستنەوە چارەسەربکات، بەئاسانترین رێگا کەلوپەلەکانی لەشوێنیکەوە بۆ شوێنێکی تر بگۆازێتەوە،بۆ بە دیهێنانی ئەم ئامانجەش رێگای وهۆکاری سادەو ساکاری بەکارهێناوە سودی لەتواناو جەستەی خۆی وەرگرتووە. (لابلاش، ١٩٥٢، ص٢٤١)ناوچەی توێژینەوەلە بەرئەوەی ناوچەیەکی دەشتایی و تەختە سەرەڕای فراوانی ڕووبەرەکەی وگونجاوی ئاووهەواو بەپیتی خاکەکەی وایکردوە ببێتە ناوچەیەکی کشتوکاڵی گرنگ، لەهەمان کاتدا ناوچەیەکی گرنگی بەرهەم هینانی بەرووبوومی کشتوکاڵی زستانە و هاوینە.لە بەر ئەوەیە پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لەنێوان ڕێگاانکانی گواستنەوەو بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی، کەواتە فراوان بوونی زەویی یە کشتوکاڵیەکان و بەکارهێنانیان بەندە بەڕێگاکانی گواستنەوە. جێگای ئاماژەیە ناوچەی توێژینەوە تاڕادەیەک دەوڵەمەندە بە ڕێگاکانی گواستنەوە، ئەمەش بە هۆکارێکی گرنگی یارمەتیدەرە هەژمار دەکرێت بۆ بەکارهێنانی زەوی بە مەبەستی کشتوکاڵی. ناوچەکە دووجۆر رێگا لە خۆ دەگرێت یەکەمیان رێگای سەرەکیەکانە و دووەمیان رێگا لاوەکیەکانە، کە لەرێگەیەوە ناوچەی تویژینەوە بە سەنتەری شارو قەزاو ناحیەکانی تر دەبەستێتەوە ئەمە لەلایەک و لەلایەکی ترەوە ئاسانکاری پێشکەش بە جووتیاران دەکات بە ئاسانی بەرهەمەکانیان بگەیەننە بازارەکان و پیداویستیە کشتوکالیەکانیان وەک پەین و قرکەرو ئالات و ئامێرە کشتوکاڵیەکان بگەیەننە کێڵگە کشتوکاڵیەکانیان. وەک ئاماژەمان پێدا ناحیەی قوشتەپە تا ڕادەیەک بە تۆڕێکی باشی ڕیگاو بانی قیرتاو کراو نا قیرتاو داپۆشراوە، کۆی درێژی ڕیگا جۆراو جۆرەکان دەگاتە زیاتر لە (٤٦٧کم)نزیکەی (٣٢٥کم) قیرتاوە کە بەشەکانی ناحیەکە بە دەوروبەری دەبەستێتەوە.لە خشتەی (٨)دەردەکەوێت. نزیکەی (١١٤کم) رێگای قیرتاوی لەناو سنوری ناحیەکەن، ئەوەی تر لە جۆری (پریم کوت و چەو رێژو خۆڵین ) درێژیەکەی دەگاتە(١٤٢کم) کەبە رێگا لاوەکیەکان ناسراوە کە گوندەکان بە رێگا سەرەکیەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەبەستێتەوە، سەرەرای رێگای کۆنی هەولێر پردێ – کەرکوک کەدرێژیەکی نزیکەی (٤٨کم)دەبیت. ناوچەی توێژینەوە تا رادەیەک بە تۆرێکی باشـــی رێگاوبان لەرووی درێژی و جۆرە وە داپۆشـــراوە، دەگاتە نزیکەی (٦, ٦٩%) ی کۆی رێگاکانی ناوچەکە، و دریژی رێگاکانی قیرتاو ناقیرتاو دەگاتە نزیکەی (٢٥٦کم) و جۆرەکانی تری رێگاو بان (٥٥%) ی  رێگاکان پێک دەهێێت.


خشتەی (٨) درێژی رێگا/کم وجۆری ریگا سەرەکیەکانی ناوچەی توێژینەوە

| ناوی رێگا | دریژی/کم | دریژی /کم لە سنوری ناحیەکە | جۆری رێگا |
|---|---|---|---|
| **هەولێر- قوشتەپە – کەرکوک** | ٩٦ | ٤٥ | قیرتاو- دووساید |
| **قوشتەپە - خەبات** | ٦٠ | ١٤ | قیرتاو |
| **قوشتەپە - مەخمور** | ٤٥ | ١٨ | قیرتاو |
| **قوشتەپە – دێگەڵە – کۆیە** | ٨٧ | ١٦ | قیرتاو |
| **قوشتەپە – قەشقە** | ٣٧ | ٢١ | قیرتاو |
| **کۆی گشتی** | ٣٢٥ | ١١٤ | |

سـەرچاوە/ حکومەتی هەریمی کوردسـتان عێراق،وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە نشـتەجێکردن،بەرێوەبەرایەتی گشـتی رێگاوبانی هەولیر بەشی تەکنیک و زانیاری لەسەر رێگاکانی ناحیەی قوشتەپە، داتای بلاو نەکراوە، ٢٠١٩.

لە مەوە بۆمان دەردەکەوێت رێگا جۆراو جۆرەکانی ناحیەکە  رۆڵی ئەرینی دەگێرن لە ئەنجامدانی چالاکی یە کشـــتوکاڵیەکان چ لە رووی گەیاندنی ئامێرو ئالآت و پێداویســـتیەکانی تری کرداری کشـتوکاڵی بێت یان گەیاندنی بەرهەمی بەروبوومە کشـتوکاڵیەکان و جوتیاران بۆ سـەنتەری ناحیەو قەزاو سـەنتەری پارێزگای هەولێر، بە مەبەسـتی بە بازارکردنیان، ئەمەش رەنگدانەوەی ئەرێنی هەیە لە سەر بەکارهێنانی زەوی بە مەبەستی کشتوکاڵ تیاندا.نەخشەی(٤)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




نەخشەی(٤) ڕێگا سەرەکی ولاوەکیەکانی ناوچەی توێژینەوە

سەرچاوە کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی نەخشە سازی(Gis)، ٢٠١٩.

### ٣-٢-٤ سیاسەتی حکوومی وکشتوکاڵ کردن :

مەبەست لە سیاسەتی کشتوکاڵی بریتیە لەکۆمەڵێک پرۆگرامیکی زانستی بەمەبەستی گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ دادەنرێت ، لەهەمان کاتدا کۆمەڵی پلانی کشتوکاڵی گونجاوتۆکمە دەگریتە خۆ ، بۆ بەدیهێنانی خۆش گوزەرانی بۆکۆمەڵگە بە گشتی و بۆ ئەوانەی لە کەرتی کشتوکاڵ دا کاردەکەن بە تایبەتی. (عباوی، ١٩٦٦،ص٣٣) لە خوارەوەوە تیشک دەخەینە سەر بەشێک لەو پلانە زانستی و ڕێکخراوەکانی سیاسەتە کشتوکاڵیەکان کە ڕۆڵی کاریگەریان هەیە لە سەر بەکارهێنانی زەوی کشتوکالی لە ناحیەکە :-

### ٣-٢-٤-١ خولی کشتوکاڵی

یەکێکە لە هۆکارە مرۆییەکان جوتیار پیرەوی دەکات رۆڵی سەرەکی دەگێرێت لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی و ڕووبەرو بڕی بەرهەم . جێگای ئاماژەیە خولی کشتوکاڵی لە ناوچەی توێژینەوە بە مانا زانستیەکەی پەیرەو نادەکرێت جگە لەوەش سیستەمێکی تری باو لە ناوچەکە

پەیرەو دەکرێت بە شـێوازی جیاواز، کە ئەویش بەسـیسـتەمی بەیار(وەرد) ناسـراوە، جوتیار بەم سیسـتەمە زەویەکەی چەند سـاڵێک دەچێنێت و لە نیوانیاندا سـاڵیک بە بەیار بە جێیدەهێڵێت وازی لێدەهێنێت بە مەبەسـتی گەڕانەوی بە پیتیەکەی بە تایبەتی چاندنی بە گەنم (حسـن، ٢٠١٥،ص٧١) جاری واش هەیە بەبێ ئەوەی کرداری کێڵان ئەنجام بدات زەویە کەی جێدەهێڵیت و هە لدەستێت بە بەردانەوە ئاو بە مەسـتی سـوود وەرگرتن لە پاشـماوەی ئاژەڵی، پێویسـتە ئەوەشـمان لە بیر نەچێت هەندێ جار جووتیاران زەویە کانیان بە بەرهەمی پاقلە دەچێنن بە مەبەسـتی گەڕانەوەی بە پیتی خـاکەکەی چونکە پـاقلە مەنیەکـان یەکێـک لە تـایبەت مەنـدیەکـانی وەرگرتنی نـایترۆجینە جێگیرکردنیەتی لە زەوی کە هۆکارێکە بۆ پەپیت کردنی زەوی (رسول، ٢٠١٩).

**٣-٢-٤-٢قەرزی کشتوکاڵی**

جوتیارانی هەرێمی کوردسـتان بەگشـتی و ناوچەی توێژینەوە بە تابیەتی هەموو ئەو برە پارەیەی کە پێویسـتە لە سـەرەتای کێڵان و تا قۆناغی کۆکردنەوی بەرهەم و و بە بازارکردنیش لە ئەسـتۆی جووتیارانە، سەرەڕای ئەوەش بەشێک لە جووتیاران کرێی زەویە کانیش دەدەن.ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لە سـەر بەکارهێنانی زەوی بە مەبەسـتی کشـتوکاڵکردن. لەم ڕوانگەیەوە حکوومەتی هەرێم وەک لە سـیاسـەتی کشـتوکاڵی پەیرەو کراوە برێک پارەی تەرخانکرد بەمەبەسـتی بە قەرزدانی بە جووتیارانی هەرێمەکە بە پێی جۆری پرۆژە کشتوکاڵیەکان و کرینی پێداویستیەکانی کشتوکاڵ کردن لە ئامێرو پەین... هتد، پێدانی قەرزەکەش بۆماوەیەکی درێژ خایەن بوو (FAO ,2012)شـایەنی باسـە ئەوەبوو حکوومەتی هەرێم لە پلانی سـتراتیژی کەرتی کشـتوکالی هەرێم سـاڵی (٢٠٠٩-٢٠١٣) ئاماژە بە پرۆژەی قەرز پێـدان دەکـات، و فرمـانی ژمـارە (٢٨٢لە ١٢/١٠ ٢٠٠٩) حکومەتی هەرێم بڕیـاری دا بە دامەزراندنی بانکی کشتوکاڵی بەسەرمایەی(١٠٠ملیون دۆلار) جێگای ئاماژەیە جۆری پرۆژەو ڕووبەری زەوی تا ڕادەیەک پێوەر بوون بۆ پێدانی قەرزی کشـتوکالی، ئەم پرۆسـەیە کاریگەری ڕاسـتەوخۆی هەبوو لە سـەر بەکارهێنانی زەوی کشـتوکاڵی لە ناوچەی توێژینەوە (بەدواداچوون، ٢٠٠٩،ل٣) بەلام لە کۆتایەکانی (٢٠١٣) پێدانی قەرز بە جوتیـاران ڕاوەسـتـا بەهۆی کۆمەڵیـک هۆکارێک لە گرنگترینیـان شەری رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) و نەگێرانەوەی قەرزەکان لەلایەن جووتیارانەوە لەکاتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خۆیدا و کێشـــەی نێوان حکوومەتی هەرێم و ناوەند بوو (مخلص، ٢٠٢٠) جێگای ئاماژەیە ئەمەش ڕەگدانەوەی نەرێنی هەبوو لە سەر بەردەوامی بەشێک لە چالاکی یە کشتوکاڵیەکان.

**٣-٢-٥بەبازار کردن :**

